# لەبەر ڕێژنەی ئاگرا،ئەی خودا حەسرەتێ

عبدولا علی



ئەی خودا.....
بمبەرەوە بۆ بەرسێبەرەکانی خۆت
ئەو سێبەرانەی لە بەینی تۆوشەیتانا سەرگەرمی قاقان
لە ئاگری ئەم شەڕانەدا دەرم بێنە
وەک چۆن لە ئاگرەکەی لای خۆتا وەدەرت نام،
لەم جەنگەڵەدا بمسپێرە بە تۆپەڵی مشتی منائێ
ئەودەمەی کۆلانەکان لە بەردەمیدا دەتوێنەوە
ئەی خودا دام پۆشە بە ساویلکەییەکەی باران
ئەوکاتەی بە ناوەخت
پەنجەرەی ماڵەکەم بەئاگا دێنێ و
پڕم دەکات لە تورە بوون.
ئەی خودا.....
ئەوقیبلانەی لە هیچەوە دروست بوون
ڕوخساریان بەشی جریوەی خەونەکانم ناکەن
ئەم کەنارە ڕاڕای کردم بە سورخنی گوڵەکانی میهر
عەیامێکە بەلای خەمێکی ئەفسانەییەوە دانیشتوم و
شمشاڵی شکستم زریان دەژەنێ
هەرلەحزەیەک سەفای تەمەناکانم هەڵدەکەن و
دەڕژێنە کەعبەی سوتانستانی سەرم.
ئەی خودا.....
تەژی بووم لە گڕی ئەم دۆزەخا
تۆبیت وپەنجەرەکانی خەون
ئەودەرگایانەی تەمەنێکە چاوەڕێی کردنەوەن
تۆبیت وراکێشانی پرچە خەنەییەکانی ئاو
بەجامێکی سەرریژ لە شەونم تینوێتیم بشکێنە
وەک چۆن مناڵیمت پڕکرد لە شکست
لێوەکانم بکەرەوە بە ڕەنگی گەنم.
فریامکەوە

تۆبیت وسەرپۆشی لەزوخاوهەڵکێشراوی دایکم
تۆبیت وتەوقەی چاوداگری خوشکەکەم و
ڕوتبونەوەی بەرئاوێنەی کچە دراوسێکەم
بێهودە لەم تەنهاییەمدا
بە ئاگری دۆعاکانت لە من
ملوانکەی منداڵیم مەخەرەژێر سمی ئەسپەکانت.
ئەی خودا.....
بزماری فریشتەیت کێڵگەکانی هەوەسی
باڵ خوێناوی وقژخوێناوی کردم،
ئاخر ئەی خەیاڵی دۆڕداماو
بزمار هەربزمارەو ژان هەر ژانەو
ئاوابوون هەر ئاوا بوون،
دەمێکە لەناو لەپما بۆنی بیرەوەری و
بۆنی دواقومی فلوت و
دواتامی وردبونی لێوەدێ،
تۆشمشێرەکانت لێرە دروست کردو
لەوێندەریش هەتاهەتاییەک دۆزەخ
کوێی جوانە بەرزی ئەم منارانە
کە نەتوانین بەسەرخۆشی وەک شێتێکی شار
لەبەرسێبەرەکەیدا
ماڵەکان بدەینە بەر ڕێحانەی نوور.
ئەی خودا.....
ئەم لاشە بێ سەرەم
لە بەرزایی کامە لوتکەو
لە پانتایی کامە ڕەنگا دانێم،
ئاخر دەروازەیەک بۆ کوتان نەماوەو
پەنجەرەیەک نەماوە لەنگەر
لەم سێبەری شەرابی بێ ئۆقرەییەمدا بگرێ،
چاوم لەگەڵ پێڵومدا ڕێ ناکاو
پەنجەکانم بەدەستی کێویم پێدەکەنن.
ئەی خودا.....
چ کوانویەکت لە دڵما کردەوە

چ چەقۆیەکت لە خوێنم هەڵکێشا
چ ئازارێکت بە هەناسەی پەرکەم گرتومدا هەڵواسی،
دەی پێم بڵێ
بۆ لە دۆزەخی خۆت وەدەرت نام و
بەم دۆزەخەت ئاشناکردم!
ئاخر حوجرە بێ نالی و
سەیوان بێ ئەرخەوان و
پەنجەرە گریاوەکەی منیش بێ هەوای کوێستان نابێ.
خەیاڵی بزۆزم بەباڵی کەناری دەگەڕێ
کەنارەکان دامێنی کچێ پڕدەکەن لەعەبەس
بەدزی تۆوە دواقومێکم دەست دەکەوێ و
دەبمە عابیدی مریەمێ،
لەوەگەڕێ ئارەزوم تەڕی لێ دەتکێ
لەوەش گەڕێ گوڵی سۆزم
شەقامەکان پڕدەکات لە قریوەی هەوەس
ئەی خۆت وا نەبوویت؟
دڵی هەنارت لەت لەت نەکرد!
پیاوت پڕ لە نەفرەت و
ژنت پڕ لە لەزەت نەکرد؟
لە بەینی خۆمانا بێت،ژیانت پڕ نەکرد لە تف!
تۆی نێر حەوات هەڵنە فڕاند!
قابیلت فێرنەکرد تەرمی براکەی بشارێتەوە!
دڵی شمشێرت پڕ نەکرد لە ئایەت!
دەی خودا.....
ئەی کەونە چارەڕەشەکە.....
چی دەبێ ئەگەر لەسوڕان کەوی!
ئێمە هەریەک دەکوژین
دەی بۆ پرمان ناکەی لە وێرانی و
هەموو شتێ سەرێژ بێت لە سکوت،
دەی نە ڕۆژەکانی من تەواو دەبێ
نە شەوەکانی تۆ
تازە پیاسەیەکمان بەکۆڵانی محیبەتا پێ نابڕێ

**بەیەکەوە گۆرانییەک نالێین،ئیتر ئاشت نابینەوە**
**نە تۆ واز لە سوتانی من دێنی**
**نە من واز لە دژایەتی تۆ**
**وەک دوو هێڵ هەرگیزبەیەک ناگەین.**